



# پاوەربانکێک بۆ لاپتۆپ و ئامێرەکانی دی

لەو چەند ساڵەی دواییدا پاوەربانك تا رادەیەك گرفتی دابەزینی شەحنی کەمکردۆتەوە بەتایبەتی بۆ ئەم هەرێمەی ئێمە کە بێ کارەبایی یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکان.

پاوەربانك زیاتر بۆ مۆبایل و تەبلێت دەگونجێت، لاپتۆپ بەهۆی ئەوەی باترییەکەی گونجاوە و لانی کەم هەتا سێ کاتژمێر دانابەزێت و لاپتۆپ هەیە بۆ هەشت کاتژمێریش شەحنی دانابەزێت بۆیە کۆمپانیاکان کەمتر بیریان لەوە کردۆتەوە پاوەر بانك بۆ لاپتۆپ بەرهەم بێنن.

کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ پاوەربانکێکی تایبەت بە لاپتۆپ بەرهەم هێناوە دەتوانێت ئامێرەکانی دیکەی وەك مۆبایل و تەبلێتش شەحن بکاتەوە.شوێنی دانانی سێ کێبڵی تایبەت بەمۆبایلی هەیە، پاوەربانکەکە بە دوو کاتژمێر شەحنکردنی لاپتۆپ دەتوانرێت هەتا شەش کاتژمێر وزە بۆ لاپتۆپ دابین بکات.

# ئەوانەی شت لەبیر دەکەن و زەین پەرتن

زۆر کەس زوو شت لەبیر دەکەن یان زەینیان ئەوەندە ئاڵۆزە نازانن ئامێر و پێداویستی رۆژانەیان لە کوێ دادەنێن، بۆیە مۆبایل، چاویلکە، کامێرا, فلاش میمۆری بە کورتی کەرەسە پێویستییەکانی ژیانی رۆژانەیان لەبیر دەچێت و فەرامۆشکارن...

تەکنەلۆژیای نوێ زۆر ئامێری بۆ ئەوانەی زەینیان ئاڵۆزە بەرهەم هێناوە.. رۆژ لەگەڵ رۆژیش شتی نوێتر بەرهەم دێ.. بەرهەمەکانی (چیپۆلۆ) نوێترین بەرهەمن لەم بوارەدا.. ئەوانیش چەند جۆریان هەیە، یەکێك لە جۆرەکان (Chipolo sticker)ە، بەهۆیەوە دەکرێت ئامێرە بچووکەکان یان کەلوپەلی ماڵەوە ون نابن و دەزاندرێت لە کوێ داندراون. ئەم جۆرەیان زۆر بچووکە، رەنگە بچووکترین دۆزەرەوەی وایەرلەیس لە جیهان بێ. بەشێوەی وایەرلەیس شەحن دەبێتەوە.

جۆری chipolo plus: ئەمەیان دەنگی زۆر بەرزە واتە کاتێك لە شوێنێکی قەرەباڵغیشدا شتێك بزر بکەی دەتوانی ئاگادارت بکاتەوە.

جۆری chipolo clip: زۆر تەنکە بە جۆرێك تەنانەت دەتوانی بە گۆرەوی، کارتی بانکی، پاسپۆرت، جزدانی پارەوە بینوسینی و لەکاتی پێویستدا ئاگادارت دەکاتەوە، باترییەکەی هەتا یەك ساڵ دانابەزێت...

گشت ئەو جۆرانەی باسکران، بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێن و هەتا مەودای ٦٠ مەتر دەتوانێت ئاگادارت بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر لەو مەودایەش دانەبێت لەسەر مۆبایلەکە دواین شوێنی شتە ون بووەکە نیشان دەدات.. لە ئاپەکەی مۆبایلدا دەیهێنێتە لیستی شتە ون بووەکان و هەرکاتێك رێگات کەوتە نزیك شتەکە خۆی ئۆتۆماتیکی ئاگادارت دەکاتەوە.





# پایسکلیش بە ئاسماندا دەفڕێ

زۆر ئامێر چەك و كەرەسەی گواستنەوە كە لە فیلمە خەیاڵی زانستییەكان دەماندیت ئێستا نزیك دەبنەوە لە راستی.. بۆ نموونە بڕیار وایە بەم نزیكانە تاكسی فڕۆك لە دوبەی كاری گواستنەوە ئەنجام بدات...

كۆمپانیایەكی روسی بەناوی hoversufr كە چالاكیەكانی لە بواری دروستكردنی كوداپتەرە، بەم دواییە یەكەم پایسكیلی فڕۆكی بەرهەم هێنا..

هاڤەربایكی ئەلكترۆنی كە بە scorpion3 ناسراوە جگە لەوەی كە دەتوانێت بفڕێت، دەتوانێ كەسێكیش لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت. هاڤەربایكەكە پێكهاتووە لە مۆتۆرسكلێتێك بە سیستەمی كۆداپتەرەوە.. كەسانی ناشارەزا و شارەزا دەتوانن بە ئاسانی كۆنترۆڵی بكەن و بە هەوادا بفڕن.

# كاتژمێری هۆشمەند بۆ نابینایان



لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا تەكنەلۆژیای دیجیتالی نوێ گرنگییەكی زۆی بە نابینایان و كەم ئەندامان داوە، زۆر ئامێری نوێ بۆ كارئاسانی و خزمەتگوزاری نابینایان بەرهەم هاتووە، دیارە كاتژمێری نابینایان مێژوویەكی لەمێژینەیە هەیە بەڵام كاتژمێری هۆشمەند و دیجیتالی زۆر لەمێژ نییە، بەتایبەتی كاتژمێری هۆشمەند وسمارت كە لەمساڵدا كۆمپانیایەكی كۆریایی كاتژمێرێكی هۆشمەندی تایبەت بە نابینایان بەرهەم هێناوە.

كاتژمێری هۆشمەندی The dot لە كاتژمێرە هۆشمەند و دیجیتالییەكانی پێش خۆی جیاوازە، بۆ نموونە نابینایان دەبێت فەرمانەكان بە دەنگ بەكاتژمێرەكە بدەن وەك كات چەندە، یان لەكاتژمێری هۆشمەندا فەرمانی دیكەش بە دەنگ بڵێن، بەڵام لە شوێنە قەرەباڵغەكان بەهۆی تێكەڵبونی دەنگەكان كێشە دروست دەبوو، لە كاتژمێری ناوبراودا ئەم كێشەیە نییەچونكە تەنیا دەنگی خاوەنەكەی دەناسێت. هەروەها كێشەیەكیش دیكەش چونكە كاتژمێرەكەش دەبێ بەدەنگ وەڵام بداتەوە بۆیە دەنگ لەگەڵ دەنگی دیكە تێكەڵ دەبوو، ئەو كێشەیەك بە جۆرێكی دیكە چارەسەر كراوە..

بەهۆی ئەو كاتژمێرەوە بەكارهێنەر دەتوانێ پێی بڵێ پەیامەكانم بۆ بخوێنەوە، یان پەیوەندی بەو ژمارەیەوە بكە.. هەندێك ئاسانكاری دیكەشی تێدایە، دیارە جگە لەوەی پەیامەكان بە دەنگ دەڵێت.. بە خەتی (برێل)یش كە تایبەتە بە نابینایان لەسەر شاشەكەی بە بەرجەستەیی كات و بەشێك لە فەرمانەكان نیشان دەدات..



# ریمۆت سمارتێک شوێنی گشت ریمۆتەکان دەگرێتەوە

ریمۆتە جۆکەرەکان واتە ئەو ریمۆتانەی کە کۆنترۆڵی گشت ئامێرێك دەکەن گەلێکن، یەکێك لەو ریمۆت کۆنترۆڵانە ریمۆتی (Sevenhugs Smart Remote)ە کە دەکرێ وەك باشترین ریمۆت کۆنترۆڵی هەمە کارە سەیر بکرێ. رەنگە لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەم ریمۆت کۆنترۆڵە شوێنی ریمۆت کۆنترۆڵی universal بگرێتەوە.

گرنگترین ئەرکەکانی ریمۆت کۆنترۆڵی هۆشمەندی سۆنی هاگز، کۆنترۆڵکردنی هەر ئامێرێکە جا بە هەر سیستەمێکی وایەرلەیسی وەك (بلوتوس، وای-فای, بلوتوس، یان تیشکی سەرووی سوور) سوود وەربگرێ.. بۆ کارکردنی ریمۆت کۆنترۆڵەکە هەر ئەوەندە بەسە کە ریمۆتەکە رووبەڕووی ئەو ئامێرە رابگری کە مەبەستە، ئۆتۆماتیکی دەیدۆزێتەوە و گشت رێکخستنەکانی تایبەت بە ئامێرەکە ئەنجام دەدات. ئەگەر ریمۆتەکەش بزر بوو بۆ دۆزینەوەی پێویست ناکا زۆری بۆ هەوڵبدەی هەر ئەوەندە بەسە کە لەسەر ئامێری شەحنکردنەوەی دوگمەیەك دابگری ئیدی ریمۆت کۆنترۆڵەکە زەنگ لێدەدا.







# بچووک بەڵام بە سوود

رۆژنامەنووس و راگەیاندنکاران بۆ تۆمارکردنی ئەو دەنگە مەبەستیانە لە ریکۆردەر سوود وەردەگرن.. دواتر دەبێ ئەو دەنگە گوێبدنەوە و چ بەدەست چ بە کۆمپیوتەر بینووسنەوە.

ئامێری بچووکی Senstone کە بە قەد میدالیایەك دەبێت زۆر ئاسانتر دەنگ تۆمار دەکات و دەیکاتەوە بە دەق.. هەر لەوکاتە دەنگ تۆمار دەکات و دەکاتەوە دەق بۆ سەر مۆبایلی ئایفۆنی بەرێ دەکات. ئامێری ناوبراو دەتوانێت هەتا نزیکەی ٣ کاتژمێر دەنگ تۆمار بکات. بەهۆی ئاپێکەوە فایلە دەنگییەکە بۆ مۆبایل دەگوازێتەوە و بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای Speech to text دەتوانێ بیکاتەوە دەق.. پشتیوانی لە ١١ زمان دەکات.




# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێك دەپرسێت بۆ دروستکردنی (table) واتە خشتە لە پرۆگرامی word دا تووشی کێشە دەبم، چونکە جار هەیە لە یەکێك لە خانەکاندا دێڕێك درێژتر دەردەچێت و نووسینەکە دەچێتە خوار دێڕەکە، دەمەوێ هەمووی یەك دێڕ بێت بۆ ئەمە چ بکەم؟

خوێنەری بەڕێز لە کاتی دروستکردنی خشتەیەك لە word دا ئەگەر زانیت دێڕێك لەنووسین درێژتر دەردەچێت پێویست ناکات فۆنتەکە بچووك بکەیەوە، یان فۆنتێکی دیکە دیاری بکەی یان خشتەکە گەورە بکەی.. لەسەر ئەو خانەیەی کە دێڕەکەی تێدایە ماوسەکەی بەرێ سەرێ.. هێمایەك دەردەکەوێ دووجار کلیکی بکە ئەوکات دێڕەکە لە گەڵ خانەکە خۆی دەگونجێنێت.

# لاپتۆپێک سێ شاشەی هەیە




کۆمپانیای ریزەر (razer) نوێترین لاپتۆپی تایبەت بە گەیمینگی خستەڕوو واتە هەم بۆ یاری ئەلکترۆنی و هەم بۆ کاروباری نەخشەسازی و گرافیك دەگونجێت.. لاپتۆپەکە بەناوی Valerie ناسراوە. ئەوەی لاپتۆپەکە لە گشت لاپتۆپەکانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە دیزاینەکەیەتی چونکە خاوەنی سێ شاشەی پێکەوە بەستراوەیە، بەهۆیەوە مەودای کارکردن و دیتنی یاری زۆر فراوانتر دەبێت.

کێشی لاپتۆپەکە نزیکەی ٥,٥ نیوە. لاپتۆپێك کە خاوەنی سێ شاشە بێت دەبێ شەحنی باترییەکەی زوو دابەزێت. بەڵام هێشتاش کەم نییە و هەتا ٤ کاتژمێر باترییەکەی بەتەواوی دانابەزێت.

## پرۆگرامێک بۆ دابەزاندنی فیلم لە ئینتەرنێت

پرۆگرامگەلێکی زۆرهەن تایبەتن بە دابەزاندنی فیلم لە سایتەکانی وەك یوتیوب، فەیسبوك و سایتەکانی دیکە.. بەشێك لەم پرۆگرامانە قەوارەی زۆرە و شوێن دەگرن لە کۆمپیوتەردا و بەشێکیشیان بەکارهێنانیان ئاسان نییە.. یەکێك لە پرۆگرامە قەوارە کەم و ئاسانەکان، پرۆگرامی aTube Catcherە، ئەم پرۆگرامە توانایەکی باشی هەیە لە دابەزاندن و هەروەها خێراییەکی زۆریش.. لەگەڵ زۆربەی خزمەتگوزارییە باوەکاندا دەگونجێ. جگە لەوەی فایلە ڤیدیۆیەکان دادەبەزێنێ دەتوانێت فۆرماتەکانیشیان بگۆڕێ. لەگەڵ مۆبایل و مۆبایلە سمارتەکانیش دەگونجێ. تایبەتمەندییەکی گرنگی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە دەتوانێت لە شاشە فیلم هەڵبگرێتەوە، نە تەنیا فایلە ڤیدیۆییەکان بەڵکو فایلی دەنگیش دادەبەزێنێ.




## سایتێک بۆ راگرتن و دروستکردنی پاسۆردەکان




لە جیهانی مەجازیدا هیچ شتێك بەقەد کۆدی نهێنی واتە پاسۆرد گرنگ نییە، ئاشکرابوونی پاسۆردەکەت بەمانای زانینی نهێنییە راستییەکانت... لە جیهانی مەجازیدا پێویستە بۆ هەر دەرگایەك کۆدێکی نهێنیت هەبێت، وەك ژمارە بانکییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سایتە تایبەتەکان...

ئەگەر هەست بەوەی دەکەی پاسۆردەکانت پێ لەبەر ناکرێن، یان ناتوانی هەڵیانبگری، یان پاسۆردەکانت ئاسانن. سەر لە سایتی https://www.lastpass.com/ بدە. ئەم سایتە سەرەڕای ئەوەی پرۆگرامێکی تایبەتی هەیە بۆ هەڵگرتنی پاسۆردەکان، ئەکاونتێکت دەداتێ و دەتوانی هەموو پاسۆردەکانت تێدا هەڵبگری.. لەکاتی کردنەوەی سایتی پەیوەندیدار بەو پاسۆردە پێویست ناکات پاسۆردەکە لێبدەی، ئۆتۆماتیکی بەهۆی پرۆگرامی ئەو سایتەوە پاسۆردەکەت بۆ لێدەدرێ..